www.kurdistannet.org
12-1-2003 23:47

# کێ لەبەرامبەر قەیرەبوونی کچانو کوڕان بەرپرسیارە. . ؟

**بەناز کوێستانی**

ماوەیەکە سەر بەهەر کۆڕەو کۆبوونەوەیەکدا دەکەم، رووبەرووی کێشەیەکی سەرەکی دەبمەوە، کەچارەسەرکردنی زۆر زەحمەتەو کەس ناتوانێ خۆی لەقەرەی بدات، ئەویش رووخاندنی لایەنی مەعنەویو نەبوونی ورەو لەدەست دانی تواناییانە بەهۆی تەمەن گەورەییو قەیرە بوونیان، قەیرە کێیە. . ؟ قەیرە ئەو کچو کوڕانە دەگرێتەوە کەتەمەنیان گەورە بووە لە زیاتر (٣٥) ساڵ تێپەری کردووەو نەیانتوانیووە تا ئەو تەمەنە هاوسەری ژیانیان هەڵبژێرن، بێگومان ئەم کێشەیە کۆمەڵێك هۆکاری سیاسیو ئابوریو کۆمەڵایەتی لەپشتەوەیەو رەنگە تارادەیەك چارەسەرکردنی گران بێت، کەهۆکارەکانیشی لەچەند لایەنێك خۆی دەدۆزێتەوە:

هۆی یەکەمو سەرەکیش دەگەرێتەوە، بۆ ئەو شەرو کوشتارەی کەماوەی (٢٠) ساڵ زیاترە لەکوردستاندا بەردەوامە، هەر لەشەری ئێران عێراقو پاشان شەری ناوخۆش، کەکاریگەرییەکی سلبی کردۆتە سەر رەوتی ژیانی لاوانو ژمارەیەکی زۆر گەنجی کوردی تیادا کوژراوەو هاوتەمەنی ئەوانیش کەرەگەزەکەی تره ماونەتەوەو نەیانتوانییوە ژیانی هاوسەری خۆیان هەڵبژێرن بەبێ بوونی رەگەزی بەرامبەریان، هۆی دووەمیش رەنگە بگەرێتەوە بۆ لایەنی ئابوری کوردستان، بەتایبەتیش لەدوای راپەرین کەباری ئابوری کوردستان بەبارودۆخێکی زۆر ناهەموارو خراپدا رۆیشتووە، لاوان نەیانتوانیووە بەبێ بوونی سەرچاوەیەکی مادی سەربەخۆ پێگەی خێزانی دابمەزرێنن.

سەرباری ئەم هۆکارانەش، هۆیەکی گرنگتر ئەوەیە کەلاوان رووبەرووی کۆچێکی بەکۆمەڵ بوونەتەوەو زێدو شاری خۆیان بەجێ دەهێڵنو رووەدەکەنە وڵاتانی ئەوروپاو (ژمارەیەکی زۆریان) لەسەر دابو نەریتی ئەوان دەرۆنو کەسایەتی خۆیان لەبیر دەکەنو ناگەرێنەوە، ئەگەر بشگەرێنەوە هاوسەر هەڵبژێرن، ئەو کچانە هەڵدەبچێرن کەبەتەمەن زۆر لەخۆیان منداڵترن، ئەمەش وادەکات کەکچانی هاوتەمەنی خۆیان بمێننەوەو زۆربەی ئەو کچانەش کەتائێستا ماونەتەوەو ئەوانەن کەزۆربەی ژیانی لاوێتیان بەساڵانی شەرو بارودۆخێکی ناهەموارو ناخۆشدا بەسەر بردووە.

هۆیەکی تر کەپەیوەستە بەو دابو نەریتو خورەوشتە خێڵەکیانەی ناو کۆمەڵگای کوردەواریو نەبوونی ئازادی ژیسانو هەڵبژاردنی هاوسەر لەلایەن کچانو کورانەوە بەخواستی خۆیانو پەیوەست بوونیان بەخێزانو بریاری باوكو براو سەرۆك عەشیرەتەکانیانەوە، کەوای کردووە لاوان لەو واقعە رابکەنو تەنهاییان لاباشتر بێت لەخێزانێکی دوور لەتێگەیشتنو خۆشەویستی.

رەنگە هۆکاری تر زۆر بن، کەکار بکەنە سەر ئەو باسو خوساتانەو ئەلتەرناتیڤێکی بەکار بن لەرووخاندنی ورەی لاوانو رەشبینانە روانینیان بۆ ژیان، رەنگە چارەسەرکردنی ئەم کێشەیەش کاتی زۆری بوێتو پێویستی بەچاکترکردنی لایەنی ئابوریو سیاسیو کۆمەڵایەتی بێتو لەهەمان کاتدا لایەنە بەرپرسەکان وەك رێکخراوەکانی لاوانو گەنجان، ئاورێك لەم کێشەیە بدەنەوەو بەرنامەیەکی تێرو تەسەلی بۆ دابنرێتو رووبەرووی بوەستنو ورەی لاوان بەرز رابگرن.

Banaz@maktoob.com